# چەند فەرموودەیەک سەبارەت بە فەزڵی کۆڕ ودانیشتنەکانی زیکرکردن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە چەند فریشتەیەکی تایبەتی هەیە کە کاریان ئەوەیە بە ڕێگاوباندا دەسووڕێنەوە وبە شوێن ئەهلی زیکردا* دەگەڕێن، جا هەرکاتێک ببینن کە کۆمەڵێک یادی خودا دەکەن وکۆڕی زیکریان دابەستووە، بانگی یەکتر دەکەن وبەیەکتر دەڵێن: وەرن بۆ لای کاری خۆتانەوە، ئەمە ئەوەیە کە بۆی دەگەڕێن. هەموویان بە دەوری کۆڕی زیکرەکە کۆ دەبنەوە وهەتا ئاسمانی خوار وبە باڵ دەخولێنەوە بە دەوریاندا، ئینجا پەروەردگاریان لێیان دەپرسێت (هەرچەندە خۆی باشتر حاڵەکە دەزانێت) ودەفەرموێت: ئەم بەندانەی من چی دەڵێن؟ فریشتەکان دەفەرموون: (سبحان الله) دەکەن وتۆ بە پاك وپیرۆز وبێخەوش دەزانن، و(الله أكبر) دەکەن وخودای خۆیان بە گەورەتر لە هەموو کەس وشتێک دادەنێن، و(الحمد لله) دەکەن وسوپاسی تۆ دەکەن وتۆ بە مەزن دادەنێن و وەسف وستایشی تۆ دەکەن. خودا دەفەرموێت: ئایا ئەمانە منیان بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نا والله تۆیان نەبینیووە، ئینجا خودا دەفەرموێت: ئەی ئەگەر من ببینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: ئەگەر بتبینن باشتر بەندایەتی دەکەن وباشتر سوپاس وحەمد ستایشت دەکەن وزیاتر باسی گەورەییت دەکەن وزیاتر تەسبیحاتت دەکەن. خودا دەفەرموێت: ئەی باشە داوای چی لە من دەکەن؟ فریشتەکان دەفەرموون: داوای بەهەشت لە تۆ دەکەن. خودا دەفەرموێت: ئایا بەهەشتیان بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نە والله، ئەی خودایە! نەیان بینیووە. خودا فەرموێت: ئەی ئەگەر ببینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: ئەگەر ببینن ئەوا باشتر سوور دەبن لەسەری وباشتر هەوڵی بۆ دەدەن وزیاتر حەزی لێدەکەن. خودا دەفەرموێت: ئەی لە چی دەترسن وداوای پەناگرتن وخۆپاراستن لێ دەکەن؟ فریشتەکان دەفەرموون: لە ئاگر (دۆزەخ) دەترسن ویەنا بە خودا دەگرن لێی. خودا دەفەرموێت: ئایا ئاگریان (دۆزەخیان) بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نە والله، نەیان بینیووە، خودا دەفەرموێت: ئەی ئەگەر ببینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: ئەگەر ببینن زیاتر لێی ڕادەکەن (خۆیانی لێ دەرباز دەکەن) وزیاتر لێی دەترسن. خودا دەفەرموێت: دەی ئێوە شاهێد بن؛ ئەوا من لێیان خۆش بووم، ئینجا فریشتەیەک لە فریشتەکان دەفەرموێت: کەسێکیان لەنێودایە لە ئەوان نییە، بۆ زیکر ویادی خودا نەهاتبوو بەڵکو بۆ پێویستیەکی خۆی هاتبوو؟ خودا دەفەرموێت: کۆمەڵ وکۆڕی ئاوا، هاونیشینیان لەبەر خاتری ئەوان لە بەدبەختی ڕزگاری دەبێت وبەهۆی ئەوانەوە ئەویش خۆش بەخت دەبێت». *(مەبەست ئەهلی زیکر ئەوانەیە کە باسی خوای گەورە دەکەن یان باسی ئیسلام وخێر وچاکە دەکەن). ولە گێڕانەوەیەکی تردا: لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە چەند فریشتەیەکی تایبەتی هەیە کە کاریان ئەوەیە بە ڕێگاوباندا دەسووڕێنەوە وبە دوای دانیشتن وکۆڕەکانی زیکرکردن* دەگەڕێن، جا هەرکاتێک دانیشتن وکۆڕێکی زیکر ببینن ئەوا دادەنیشتن لەگەڵیان ودەوریان دەدەن هەتا باڵەکانیان بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە هەتا ئاسمانی دونیا، ئەگەر خەڵکانی دانیشتنی زیکرەکە جیا ببنەوە، ئەوا فریشتەکانیش بەرز دەبنەوە بەرەو ئاسمان، خودا -عز وجل- (هەرچەندە خۆی باشتر حاڵەکە دەزانێت) پرسیاریان لێدەکات: لە کوێوە هاتن؟ فریشتەکان دەفەرموون: لە لای هەندێک لە بەندەکانی تۆ بووین لە خەڵکی سەر زەوی: تەسبیحات دەکەن (واتە: دەڵێن سبحان الله) کە بە مانای ئەوە دێت: تۆ بە پاك وپیرۆز وبێخەوش دەزانن، وتەکبیرات دەکەن (واتە دەڵێن الله أكبر) کە بە مانای ئەوە دێت: خودای خۆیان بە گەورەتر لە هەموو کەس وشتێک دادەنێن، وتەحمیدات دەکەن (دەڵێن: الحمد لله) کە بە مانی ئەوە دێت: حەمد وسوپاسی تۆ دەکەن و وەسف وستایشی تۆ دەکەن، تەهلیلات دەکەن (دەڵێن: لا إله إلا الله) کە بە مانای ئەوە دێت دان بەوە دەنێن کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، وداوا دەکەن ولە تۆ دەپاڕێنەوە. خودا دەفەرموێت: ئایا داوای چی لە من دەکەن؟ فریشتەکان دەفەرموون: داوای بەهەشت لە تۆ دەکەن. خودا دەفەرموێت: ئایا

بەهەشتەکەی منیان بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نە واللە، ئەی پەروەردگار! (نەیان بینیووە). خودا فەرموێت: ئەی ئەگەر بەهەشتەکەم بیبینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: داوای پەناگرتن وپاراستنیان لە تۆ دەکەن. خودا دەفەرموێت: داوای پەناگرتن وپاراستنیان لە چی دەکەن؟ فریشتەکان دەفەرموون: لە ئاگری دۆزەخت دەترسن ئەی پەروەردگار. خودا دەفەرموێت: ئایا دۆزەخەکەی منیان بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نەخێر، خودا دەفەرموێت: ئەی ئەگەر دۆزەخەکەم بیبینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: داوای لێخۆشبوون لە تۆ دەکەن (ئیستیغفار دەکەن). خودا دەفەرموێت: لێیان خۆش بووم، وئەوەی داوای دەکەن پێیانم بەخشی، وپەنام دان وپاراستیانم لەوەی داوای پەناگرتن وخۆپاراستنیان لێی دەکرد. فریشتەکان دەفەرموون: فڵان بەندەیەکی گوناهکارە، تەنها لەوێوە تێپەڕی ولەگەڵیان دانیشت. خودا دەفەرموێت: لە ئەویش خۆش بووم، کۆمەڵ وکەسانی ئاوا، هاونیشینیان لەبەر خاتری ئەوان لە بەدبەختی ڕزگاری دەبێت وبەهۆی ئەوانەوە ئەویش خۆش بەخت دەبێت». *(کۆڕ ودانیشتنەکانی زیکرکردن: مەبەست ئەو شوێنانەیە کە باسی خودا وئیسلام وخێر وچاکەی تێدا دەکرێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە جۆرێک لە جۆرەکانی بە مەزندانانی کۆڕەکانی دانیشتن بۆ زیکردن ویادی خوای گەورە دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (خوای گەورە چەند فریشتەیەکی تایبەتی هەیە کە کاریان ئەوەیە بە ڕێگاوباندا دەسووڕێنەوە وبە شوێن ئەهلی زیکردا* دەگەڕێن): واتا خوای گەورە کۆمەڵەیەک لە فریشتەی تایبەتکردووە جگە لەوانەی کە مرۆڤەکان دەپارێزن وکردەوەکان دەنووسن؛ ئەمانە کۆمەڵێکن دەگەڕێن بە سەر زەویدا، بە ناو ڕێگا ومزگەوت وماڵی مسوڵماناندا بە دوای کۆڕ ودانیشتنی زیکر ویادکردنی خوای گەورە دەگەڕێن، سەردانیان دەکەن وئامادە دەبن وگوێ لەوانە دەگرن کە باسی زیکر ویادی خوای گەورە دەکەن، وا دیارە ئەمە زیاتر مەبەست لێی ئەو کۆبوونەوانەیە کە یادی خودای تێدا دەکرێت بە حەمد وسوپاسکردن وتەسبیحات وتەهلیلات وتەکبیرات وخوێندنەوەی قورئان بەڵام نەک هەمووی بە یەک دەنگ وەکو هاوشێوەی چەند گروپێک لە سۆفیەکان، بەڵکو هەر یەک لە لای خۆیەوە لە دانیشتنەکەدا زیکر ویادی خودا دەکات لەو دانیشتنەی کە باسی خودا وئاینی ئیسلام دەکرێت. (جا هەرکاتێک ببینن کە کۆمەڵێک یادی خودا دەکەن وکۆڕی زیکریان دابەستووە، بانگی یەکتر دەکەن وبەیەکتر دەڵێن: وەرن بۆ لای کاری خۆتانەوە، ئەمە ئەوەیە کە بۆی دەگەڕێن): واتا فریشتەکان بانگی یەکتر دەکەن ودەڵێن: وەرن بۆ لای ئەو شتەی بە دوایدا دەگەڕان بۆیە بچن بەرەو لای ئەو خەڵکی یادی خودا دەکەن وگوێیان لێبگرن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە وەسفی ئەو فریشتانەی کە لە کۆڕ ودانیشتنەکانی زیکرکردن ئامادە دەبن دەفەرموێت: (هەموویان بە دەوری کۆڕی زیکرەکە کۆ دەبنەوە): واتا دەوریان دەدەن هەروەکو چۆن بازنگ دەوری دەست دەدات. (وهەتا ئاسمانی خوار وبە باڵ دەخولێنەوە بە دەوریاندا): واتا بە دەوریاندا کۆدەبنەوە وبەرزدەبنەوە هەتا دەگەنە ئاسمان. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی گفتوگۆی نێوان خوای گەورەی شکۆدار وفریشتە بەڕێزەکان دەکات: (ئینجا پەروەردگاریان لێیان دەپرسێت -هەرچەندە خۆی باشتر حاڵەکە دەزانێت-): هەرچەندە خودا لەوان زاناترە سەبارەت بە حاڵی ئەو کەسانەی زیکر دەکەن، ئەمیش بۆ ئەوەیە وەسف وشانازیان پێوە بکات لە لای فریشتەکان. (ودەرفەرموێت: ئەم بەندانەی من چی دەڵێن؟ فریشتەکان دەفەرموون: (سبحان الله) دەکەن وتۆ بە پاك وپیرۆز وبێخەوش دەزانن، و(الله أكبر) دەکەن وخودای خۆیان بە گەورەتر لە هەموو کەس وشتێک دادەنێن، و(الحمد لله) دەکەن وسوپاسی تۆ دەکەن وتۆ بە مەزن دادەنێن و وەسف وستایشی تۆ دەکەن): واتا دەڵێن/ سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر، وبە مەزندانان واتا دەڵێن/ لا إله إلا الله وئەمیش بە مەزندانانی خوای گەورەیە لە تەوحیدی پەرستندا (توحيد الألوهية). (خودا دەفەرموێت: ئایا ئەمانە منیان بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نا واللە تۆیان نەبینیووە، ئینجا خودا دەفەرموێت: ئەی ئەگەر من ببینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: ئەگەر بتبینن باشتر بەندایەتی دەکەن وباشتر سوپاس وحەمد ستایشت دەکەن وزیاتر باسی گەورەییت دەکەن وزیاتر تەسبیحاتت دەکەن): چونکە هەوڵ وکۆشش لە پەرستندا بە پێی زانست وعیلمە. (خودا دەفەرموێت: ئەی باشە داوای چی لە من دەکەن؟ فریشتەکان دەفەرموون: داوای بەهەشت لە تۆ دەکەن): واتا یادی تۆ دەکەن وتۆ دەپەرستن بە هیوای ئەوەی بیانکەیتە بەهەشتەوە. (خودا دەفەرموێت: ئایا بەهەشتیان بینیووە؟ فریشتەکان دەفەرموون: نە واللە، ئەی خودایە! نەیان بینیووە. خودا فەرموێت: ئەی ئەگەر بیبینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: ئەگەر بیبینن ئەوا باشتر سوور دەبن لەسەری وباشتر هەوڵی بۆ دەدەن وزیاتر حەزی لێدەکەن): واتا زیاتر هەوڵ بۆ چوونە بەهەشت دەدەن وکردەوەی چاك زۆرتر ئەنجامدەدەن چونکە بیستن سەبارەت بە شتێک وەکو بینینی نییە. (خودا دەفەرموێت: ئەی لە چی دەترسن وداوای پەناگرتن وخۆپاراستن لێ دەکەن؟) واتا داوا لە خودا دەکەن لە چی شتێک بیانپارێزێت کە لێی دەترسن. (فریشتەکان دەفەرموون: لە ئاگر (دۆزەخ) دەترسن وپەنا بە خودا دەگرن لێی): واتا یادی خودا دەکەن

ودەپەرستن لە ترسی چوونە دۆزەخ، ولە خودا دەپاڕێنەوە وداوای لێدەکەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت لە چوونە دۆزەخ. (خـودا دەفەرمـوێت: ئایـا ئاگریـان -دۆزەخیـان- بینیـووە؟ فریشتەکـان دەفەرمـوون: نـە واللـە، نەیـان بینیـووە، خـودا دەفەرموێت: ئەی ئەگەر ببینن چۆن؟ فریشتەکان دەفەرموون: ئەگەر ببینن زیاتر لێی ڕادەکەن -خۆیانی لێ دەرباز دەکەن- وزیاتر لێی دەترسن): واتا زیاتر کۆشش دەکەن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چاک کە هۆکارن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخ. (خودا دەفەرموێت: دەی ئێوە شاهێد بن؛ ئەوا من لێیان خۆش بووم): واتا لە تاوانەکانیان خۆش بووم. (ئینجا فریشتەیەک لە فریشتەکان دەفەرموێت: کەسێکیان لەنێودایە لە ئەوان نییە، بۆ زیکر ویادی خودا نەهاتبوو بەڵکو بۆ پێویستیەکی خۆی هاتبوو؟): واتا لە نێو ئەم کۆمەڵەی کە یادی خودا دەکەن کەسێکیان لەنێودایە لە ئەوان نییە بەڵام بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکی خۆی هاتووە ودانیشتووە لەگەڵیان، ئایا خوای گەورە لە ئەویش خۆش دەبێت؟. (خودا دەفەرموێت: کۆمەڵ وکۆڕی ئاوا، هاونیشینیان لەبەر خاتری ئەوان لە بەدبەختی ڕزگاری دەبێت وبەهۆی ئەوانەوە ئەویش خۆش بەخت دەبێت). *(مەبەست ئەهلی زیکر ئەوانەیە کە باسی خوای گەورە دەکەن یان باسی ئیسلام وخێر وچاکە دەکەن).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8272

ALNAJAT CHARITY النجاة الخيرية

لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee